# کۆمەکەکانتان گەشتە دەستی باوکی " یەحیا "

لیژنەی سەرپەرشتی کەمپینی " کۆمەکەکانتان ئازاری دەست و قاچەکانی " یەحیا عەلی محەممەد " کەم دەکاتەوە " لە ئەنجامی هەڵسوڕانی 20 ڕۆژی خۆیدا توانی بڕی " 2000" دۆلار وەك کۆمەك بۆ " یەحیا " کۆبکاتەوە تاکو ئەو کۆمەکە بتوانێت بەشێك لە ئازاری ئەو منداڵەو خەمی خێزانەکەی کەم بکاتەوە , لەماوەی ئەو 20 ڕۆژەدا بە 4 لیست ناوی ئەو بەڕێزانە لە بەشێك لە سایت و بڵاوکراوەکان بە شێوەیەکی ڕەسمی و یەك لەدوای یەك خرانە بەردەم خوێنەران .

بۆ گەیاندنی کۆمەکەکان بەدەستی" باوکی یەحیا "ڕۆژی 31 / 12 / 2006 "2000" دۆلار تەسلیمی " کاك زیاد " کرا کە کاری حەواڵە دەکات لە " دانیمارك " ئەویش حەواڵەی کرد بۆ سەنتەری " هەڵەبجە " لە هەولێر , پاشان لە ڕێگەی " ئەحمەد خالید سابیرەوە " ڕۆژی 8 / 1 / 2007 بڕی ئەو " 2000" دۆلارە گەیەنرایە دەستی باوکی " یەحیا " لە شەقڵاوا .

ئێمە وەك " لیژنەی سەرپەرشتی کەمپین " پێمان خۆشە لێرەدا زۆر بەگەرمی سوپاس و پێزانین ئاراستەی سەرجەم ئەو کەسایەتی و دەزگا ڕاگەیاندنانە بکەین کە هاوکاریان کردین بۆ بەسەرکەوتن گەیاندنی ئەم کەمپینە بە تایبەت زۆری سوپاسی " ئەو کەسانە دەکەین کە زۆر لەخۆبوردوانە کۆمەکی مالیان کردبە یەحیا " , زۆر سوپاسی سایتەکانی" کوردوستان نێت ,بۆپێشەوە دەنگەکان,کوردوستانیوز دەکەین ,هەروەها سوپاسی ڕادیۆی هاوپشتی دەکەین بۆ ئەنجامدانی کاری چاوپێکەوتن , سوپاسی برای نوسەر کاك " ڕزگار کۆچەر " دەکەین کەکار ئاسانی کرد بۆمان بۆ پەیوەندی کردن بە " باوکی یەحیاوە " , سوپاسی " کاك زیاد " دەکەین کە پارەکەی لەسەرحیسابی خۆی حەواڵە کرد بۆ کوردوستان , سوپاسی " کاك ئەحمەد خالید سابیر " دەکەین کە پارەکەی لە هەولێرەوە گەیاندە شەقڵاوا .

ئێمە لێرەدا کۆتایهاتنی ئەم کەمپینە ڕادەگەیەنین و هیوای چاکبونەوە بۆ " یەحیا " و سەرکەوتن بۆ هەموو لایەك دەخوازین .

لیژنەی سەرپەرشتی کەمپین
نەوشیروان مەحمود , هیدایەت مەلا عەلی
دانیمارك

2007 / 1 / 10